# سەری کورد سڵامەت!

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کورد لە کازاخستان تووشی دوو خەساری گەورە هاتن - دوو کەسایەتی گەورەی زانستی و کۆمەڵایەتی، دوو خزمەتگوزاری ڕاستەقینەی گەل کۆچی دواییان کرد:

- پرۆفیسۆر نادر نادرۆف (١٩٣٢/١/٦ – ٢٠٢١/٨/٢٥)
- دوکتۆر کینیاز ئیبڕاهیمۆف میرزەیف (١٩٤٧/٥/١ – ٢٠٢١/٨/٨)



دوکتۆر کینیاز ئیبڕاهیمۆف میرزەیف



پرۆفیسۆر نادر نادرۆف

نادرۆف پسپۆڕی بواری نەوت و گاز و ناسیاوی شارەزایانی بوارەکە لە کازاخستان و ڕووسیا و بەشێکی بەرچاوی جیهان بوو و بە هۆی پسپۆڕایەتییەکەی خۆیەوە هەڵس وکەوتی لەگەڵ گەلانی جیاوازی جیهان هەبوو. بەڵام لەعەینی کاتدا تا مۆخی ئێسقان کورد و داکۆکیکاری مافەڕەواکانی بوو، بە کوردی دەدوا، منداڵەکانی لە دەرەوەی کوردستان بە کوردی گۆش کردبوون و کەس وکارەکەی سەرەڕای ئەوەی زمانی کازاخی و ڕووسییان بە باشی دەزانی، مافی ئەوەیان نەبوو لە ناو ماڵدا بە زمانێک جگە لە کوردی بدوێن.

میرزەیف بواری کارەکەی زمانەوانی و دەقی کۆنی مێژوویی و ئەدەبی بوو و لە کوردایەتیدا لە نادرۆف کەمی نەدەهێنا. ئەو جگە لە نووسینی چەند بەرگ کتێب سەبارەت بە مێژوو و ئەدەبی کوردی، بەرپرسی گۆڤاری 'بەربانگ'ی کوردانی کازاخستان و جێگری سەرۆکی یەکیەتی کوردانی یەکیەتی سۆڤیەتی جارانیش بوو.

ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان بەو بۆنە دڵتەزێنەوە سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی بنەماڵەی بەڕێزی ئەو دوو کەسایەتییە گەورەیەی کورد و سەرجەم گەلەکەمان دەکات.

یادی ئەو دوو دڵسۆزەی گەلەکەمان زیندوو بمێنێتەوە و شوێنەواریان نەکووژێتەوە!

ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات - بۆکان

٢٠٢١/٨/٢٥

- ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات- بۆکان بە زوویی دۆسییەکی تایبەت لە سەر ژیان و کار و بەرهەمەکانی نادر نادرۆف بڵاودەکاتەوە.